# Module (Course Syllabus) Catalogue

## ٢٠٢٢-٢٠٢٣

| | |
|---|---|
| **College/ Institute** | **Khabat Technical Institute** |
| **Department** | **Production of medicinal herbs -E** |
| **Module Name** | **Kurdology and Human Rites** |
| **Module Code** | KUR١٠١ |
| **Degree** | **Technical Diploma** ■ **Bachler** ☐<br>**High Diploma** ☐ **Master** ☐ **PhD** ☐ |
| **Semester** | **First** |
| **Qualification** | **MSc. Plant Protection** |
| **Scientific Title** | **Lecturer** |
| **ECTS (Credits)** | ٥ |
| **Module type** | **Prerequisite** ☐ **Core** ☐ **Assist.** ■ |
| **Weekly hours** | ٤ |
| **Weekly hours (Theory)** | **( ٣ )hr Class** — **( ٣ )Total hrs Workload** |
| **Weekly hours (Practical)** | **( )hr Class** — **( )Total hrs Workload** |
| **Number of Weeks** | |
| **Lecturer (Kurdology)** | **Amina Yaseen Muhammad** |
| **E-Mail & Mobile NO.** | **Amina.mohammad@epu.edu.iq**<br>٠٧٥٤٩٧٣٨٦٢ |
| **Lecturer (Human Rites)** | **Mohamad Khalel** |
| **E-Mail & Mobile NO.** | ٠٧٥٠٤٠٠١٠ |
| **Websites** | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | • ئامانج لە خوێندنی ئەم پرۆگرامە ناساندنی زانستی کوردۆلۆجییە بە قوتابییان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە دەربارەی کورد و شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمک و دەربڕاوە تایبەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە( کوردۆلۆجی)، کە مەبەست لێی شارەزا کردنی قوتابییە لە بنەما گشتییەکانی کوردۆلۆجی و ناساندنی وەك زانستێکی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پەیوەستدار بە لایەنەکانی ترەوە، هەروەها پێدانی زانیارییە بە قوتابییان و خوێندکارانی کورد، تا شارەزاییان دەربارەی زمان و ئەدەب و جوگرافیا و مێژوو و ئاین کلتور و ڕەچەڵەکی کورد هەبێت و ببێتە کارئاسانییەک و بەرچاو ڕوونییەک بۆ خوێندکاران.<br>• ئامانجی ناساندنی مافەکانی مرۆڤە بە شێوەیەکی گشتی و پوخت، هەروەها بابەتەکان باسی لە دەستپێکی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ و جوڵەی و ئاراستەی ڕەهەندەکانی لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها خستنەڕوو و دیاریکردنی ئاستی یاسا" ئاسمانی و ئاینی و شارستانییەکانە لە پابەندبوونیان بە بەها و بنەما گشتییەکانی مافی مرۆڤ، هاوکات باسی پەرەسەندنی مافەکانی مرۆڤ لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانی، وەک سەدەکانی( ناوەراست و ڕۆشنگەری و هاوچەرخ )هەروەها باس لە دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە مافەکانی مرۆڤ لە ڕێگای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، لە پێشەنگی هەموویان دانپێدانانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ماف و ئازادییەکان دەخەینە ڕوو، هەروەها باسی دیموکراسی و جۆرەکانی و مافی چارەی خۆنووسین و گشت ئەو نەهامەتییانەی کە گەلەکەمان بەسەری هاتووە لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی بە شێوەی ئەنفال و جینۆساید کە دژی میللەتەکەمان کراوە لە ژێر دەستی دەسەڵاتە ستەمکارەکانی یەک بەدوای یەک.<br>هەروەها ناساندنی جێندەر و تیۆرەکانی. |
| **Course objectives** | ئامانج لە خوێندنی ئەم پرۆگرامە ناساندنی زانستی کوردۆلۆجییە بە<br>قوتابییان و باسکردنی ئەو بابەتانەیە کە پەیوەستن بە لێکۆڵینەوە<br>دەربارەی کورد و شارەزایی کردنی قوتابییان بە چەمک و دەربڕاوە |

| | |
|---|---|
| | تایبەتەکانی پەیوەست بەم بابەتە( کوردۆلۆجی)، کە مەبەست لێی شارەزا کردنی قوتابییە لە بنەما گشتییەکانی کوردۆلۆجی و ناساندنی وەك زانستێکی سەربەخۆ و لە هەمان کاتدا پەیوەستدار بە لایەنەکانی ترەوە، هەروەها پێدانی زانیارییە بە قوتابییان و خوێندکارانی کورد، تا شارەزاییان دەربارەی زمان و ئەدەب و جوگرافیا و مێژوو و ئاین کلتور و ڕەچەڵەکی کورد هەبێت و ببێتە کارئاسانییەک و بەرچاو ڕوونییەک بۆ خوێندکاران.<br>جەختکردنە لەسەر دانپێدانانی نێودەوڵەتی بە مافەکانی مرۆڤ.<br>زیاتر جەختکردنە لەسەر پێناسەی ناوەڕۆکی مافەکانی مرۆڤ، ئەو مافانەی لە ڕاگەیاندنە جیهانییەکاندا سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە..<br>ڕەهەندەکانی دەستەبەری مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان.<br>دیاریکردن و ئاشناکردنی گەلەکەمان بەو ستەمانەی لێی کراوە لە قۆناغە جێندەر و دیاریکردنی جیاجیاکانی ژیانی بەشێوەی جینۆساید.<br>پێناسەی |
| **Student's obligation** | لەسەر قوتابی پێویستە بەشداری بەردەوامییان هەبێت لە پرۆسەی وانەگوتنەوەدا ئەویش بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لە لایەن مامۆستاوە ئاراستەیان دەکرێت، هەروەها ئەنجامدانی( چوار)کویز و پێشکەشکردنی سیمینار و ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوە و ڕاپۆرت و تاقیکردنەوەی |
| **Required Learning Materials** | بەکارهێنانی( پاوەرپۆینت)، لە ڕێگەی داتاشۆوە، بۆ ناونیشانە سەرەکییەکان و سەردێر و پێناسە و پوختە و دەرئەنجامەکان، بۆ پۆلێنکردنی بابەتەکان و ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی خاڵە گرنگ و پێویستەکانن وێرای هێنانەوەی نمونەی پێویست لەسەر بابەتەکان.<br>هەروەها بەکارهێنانی پێنووسی ماجیک و تەختەی سپی،<br>بەشدارییپێکردنی قوتابییان لە هێنانەوە و نووسینەوەی نمونەکاندا.<br>هاوکات پێدانی سەرچاوەی بەکەلک، |

| | | Task | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|---|
| **Evaluation** | | Paper Review | ٠ | ٦ | How to write paper |
| | Assignments | Homework | ٤ | ٤ | To review lectures |
| | | Class Activity | ٢ | ٢ | To assess student |
| | | Report | ١ | ٦ | How to research form references |
| | | Seminar | ١ | ٦ | How to present |
| | | Essay | | | |
| | | Project | ٠ | ٠ | How to work with tem group |
| | Quiz | | ٤ | ٣ | To review lectures |
| | Lab. | | | | Practical learn about subject |
| | Midterm Exam | | ١ | ٦ | Assessment |
| | Final Exam | | ١ | ١٢ | Assessment |
| | Total | | ٣٢ | ١٢ | |

٪١٠Homework
٪١٦Assignm
٪٢ Class Activity
٪٨ Quiz
٪٢٤ Midterm Exam
٪٤٠ Final Exam

| | |
|---|---|
| **Specific learning outcome:** | ١-له دوای تەواوبوونی ئەم کۆرسە چاوەروانی ئەوە لە قوتابییان دەکرێت کە دەرگایەکی مەعریفی و زانستی بدۆزنەوە بۆ تێگەیشتن و دەستخستنی زانیاری لەسەر نەتەوەکەمان<br>٢-هەروەها توانای تێگەیشتنی هەبێت لە هەموو بەشە جیاجیاکانی |

| | |
|---|---|
| | وەکو زمان، ئەدەب، مێژوو، جوگرافیا، ئاین...<br>٣-ئەو هەستە نیشتمانییەی لا دروست بێت کە پێویست دەکات چ هەنگاوێک بنێت بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە و پاراستنی زمانەکەی بۆ نەوەکانی داهاتوو<br>٤-جگە لەمانە ، هەروەها درک بەوەش بکات کە وەک تاکێکی کۆمەڵگە پێویستە چ هەوڵێک بدات بۆ ڕزگارکردنی نەتەوەی کورد لە قەیرانی نەبوونی زمانی ستاندارد<br>٥-فێربوونی بەکارهێنانی ڕێنووسی لاتینی و کێشە و ئاریشەکانی ڕێنووسی لاتینی |
| **Course References:** | ١- _کوردۆلۆجی، پ.ی. سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵا و ئیدریس عەبدوڵا، چاپی چوارەم، چاپخانەی منارە،هەولێر، ٢٠٠٩<br>٢- کوردناسی، م. سەرسام خەلیل عومەر و م. شاکر رەزا، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٨<br>٣- کوردۆلۆجی، د.عەبدولواحید موشیر دزەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پاک، هەولێر ٢٠١١<br>٤- ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، د.شوکریە رەسول، مطابع التعليم العالي، ١٩٨٩.<br>٥- مێژووی کورد و کوردستان، محەمەد مەردۆخی کوردستانی، و. عەبدول کەریم محەمەد سەعید، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا سلێمانی، ٢٠١٧<br>٦- مێژووی ئەدەبی کوردی ، د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ٢٠١٠<br>٧- التنظيم القانوني لضمانات حقوق الانسان و حرياته، د.کاوە ياسين سليم، مكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٧٤٠٥<br>٨- حقوق الانسان تطوره و مضمونه و حمايته، د.رياض عزيز هادي،٢٠١ |

| Kurdology topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| **کوردۆلۆجی پێناسەی و چەمک** | **یەکەم** | |
| **زمان پێناسەی و چەمک** | **دووەم** | |
| **زمان تایبەتمەندییەکانی و ئەرک** | **سێ یەم** | |
| **زمان ئاستەکانی** | **چوارەم** | |

| | | |
|---|---|---|
| کوردی زمانی شوێنی و جیهان زمانەکانی خێزانە | پێنجەم | |
| زار پەیدابوونی و زمان دابەشبوونی | شەشەم | |
| کوردی زمانی دیالێکتەکانی | حەوتەم | |
| ستاندەر زمانی | هەشتەم | |
| کوردی زمانی فۆنیمەکانی | نۆیەم | |
| ئەدەب جۆرەکانی کوردی، ئەدەبی | دەیەم | |
| فۆلکلۆر ئەدەبی ئەدەب، هونەرەکانی | یازدەم | |
| گەورە کوردستانی سنوری کوردستان، جوگرافیای | دوازدەم | |
| **Human Rates Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| )پێناسە و چەمک( مرۆڤ مافی)<br>مرۆڤ مافی پێشکەوتنی و سەرهەڵدان مرۆڤ مافی مێژووی | یەکەم | |
| _ مرۆڤ مافی جۆرەکانی _ مرۆڤ مافی پۆلێنکاری<br>مرۆڤ مافی خەسلەتەکانی | دووەم | |
| نیشتمانییەکان سەرچاوە _مرۆڤ مافی سەرچاوەکانی<br>و ڕێکەتنامە( نێودەوڵەتییەکان سەرچاوە ،)دەستوروویاساکان(<br>)نێودەوڵەتییەکان پەیماننامە | سێ یەم | |
| )شەڕ و ئاشتی حاڵەتی لە( مرۆڤ مافی پاراستنی<br>مافەکانی پێشێلکاری بەرەنگاربوونەوەی و پاراستن میکانیزمی<br>مرۆڤ | چوارەم | |
| ئامانجەکانی جینۆساید، مێژووی )پێناسە و چەمک( جینۆساید<br>جینۆساید | پێنجەم | |
| جینۆساید شێوازەکانی<br>جینۆساید لەسەر سزادان و قەدەغەکردن ڕێکەوتننامەی | شەشەم | |
| کورد میللەتی دژی جینۆساید<br>ئێزیدیەکان جینۆسایدی_کیمیاباران و ئەنفال | حەوتەم | |
| )ژینگەیی_ئابوری_مرۆیی( ڕووی لە ئەنفال کاریگەریەکانی | هەشتەم | |

## وەڵامی پرسیارەکانی کوردۆلۆجی–قۆناغی یەکەم–کۆرسی یەکەم–خولی دووەم–ساڵی ۲۰۲۰–۲۰۲۱

### وەڵامی پرسیاری یەکەم:– پێناسەکان

١فۆنەتیك:– ئەوزانستەیە کە لەلایەنی فیزیکی دەنگ دەکۆڵێتەوە , واتالە چۆنیەتی دروستبوون وەرگرتنی دەنگە کاندا.

**٢مۆرفیم:–** بچووکترین پارچەی واتاداری زمانە و ئەرکی ڕێزمانیش دەبینێ , بەشێوەیەکی گشتیش مۆرفیم بەپێی کارکردنی لەزماندا دابەش دەبێ بەسەردوو بەشی سەرەکی:١– مۆرفیمی سەربەخۆ:–ئەومۆرفیمانەن کە هەمیشە وەك دانەیەی سەربەخۆ دەبینرێت و خاوەن واتایەکی هۆشەکین وەك(دار), ٢– مۆرفیمی بەند:– ئەومۆرفیمانەن کە هەرگیز وەك دانەی سەربەخۆ نابینرێت تا نەدرێتە پاڵ مۆرفیمێکی ترەوەوەك (لە) .

**٣کوردۆلۆجی:–** لێکۆڵینەوەی زانستیانەیە دەربارەی ڕەگەزو مێژوو و زمان وئەدەب و فۆلکلۆرو کەلەپورو فەرهەنگ و جوگرافیای کوردستان دەردەخات ,یان بریتییە لەناسینی کوردو دەرخستنی وەکو نەتەوەیەك کە خاوەن گیانی نەتەوەیی خۆیەتی , زاراوەکەش لای کورد لە(کوردۆلۆجی)یەوە گۆڕاوە بە (کورد ناسی).

**٤ ڕستەسازی (سینتاکس):–** ئەو زانستەیە کە لە مۆرفیم و وشە دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی ڕستەدا , واتا چۆنیەتی ڕێزبونیان بۆ دروستکردنی ڕستە , هەروەها باس لەجۆرەکانی ڕستە(سادە یان نسادە) وئەرکەکانی (هەواڵگەیاندن , پرسیار , سەرسوڕمان , . . .هتد) دەکات .

**٥زانستی زمان :–** بەپێی پێنا سینی نوێ (دیراسە کردنی سیستە می زمانە )و لە دوو ڕووەوە هەوڵ دەدات زمان شیبکاتەوە , یەکێکیان زمان چییە و ئەوەی تریان زمان چۆن کار دەکات .

### وەڵامی پرسیاری دووەم :– جیاوازی نێوان شیعر و پەخشان :–

١شیعر لەویژدان و سۆزەوە پەیدادەبێ , پەخشان لەئەقل و ژیرییەوە .

٢شیعر خاوەن کێشە , لەپەخشاندا کێش نییە .

٣لە شیعردا سەرواهەیە , بەڵام لە پەخشاندا نییە .

٤لە شیعردا هونەرەکانی رەوانبێژی زیاترە وەك لە پەخشاندا .

٥شیعر زیاتر بەرەو کورتبڕی و خەستی دەچێت , بەڵام لە پەخشاندا درێژدادڕی زیاترە .

٦ له شیعردا شاعیر لەبەر پێویستی کێش وسەروا زۆرجار وشەکان پاش و پێش دەکات وجێگۆرکێیان پێ دەکات , لەبەر ئەوەی شاعیر دەرفەتی پێدراوە وشە لەهەر شوێنێك دابنێ , لەئەنجامدا دارشتنی ڕستەکە ناسروشتی دەبێت , بەلاّم لە پەخشان بەپێچەوانەوە ڕستە دەبێ ڕێچکەی تایبەتی خۆی بگرێ و ئەو گۆران وپاش وپێش وپێشخستنەی لەشیعردایە لەپەخشان ڕێی پێنادرێت .

٧ شیعر جۆرە نووسینێکی تایبەتی هەیە , لەشیعری کلا سیکیدا هەر دێرە شعرێك دەبێتە دوو نیوە دێر لەبەرامبەر بەیەك و سەرواش بەگوێرەی شیعرەکە دەگۆرێ , کەچی پەخشان هەمووی بەسەریەکەوە دەنووسرێت تەنیا دوای تەواوبوونی پەرەگراف دێتە سەردێری نوێ .

٨ لەبەرئەوەی شیعر زمانی سۆزو ویژدانە ,بۆیە کەسێتی شاعیر نیشاندەدات چونکە شاعیرێتی بەهرەیە , ئەگەر شاعیر نەبێ نابێتە شاعیر , کەچی زمانی پەخشان زمانی ئەقلّ و ژیرییە , کەمتر کەسێتی نووسەر دەردەخات زیاتر پشت بەرۆشنبیری دەبەستێت تا بەهرە .

**وەلاّمی پرسیاری سێیەم :- بۆشاییەکان**

١ گۆران هەورامی .

٢ لەو قسەجوانانەی کە لەدوو لێوی شاعیران ونووسەران دێتە دەرەوە و خەیالّی ناسك وسۆزو بیروباوڕی دەردەخات .

٣ مێژوو گەران وپشکنینە بەدوای کرۆکی ڕووداو وکارەساتە کۆنەکان .

٤ میر عەبدولعەزیز .

٥ تیۆری ئەدەب , ڕخنەی ئەدەب , مێژووی ئەدەب .

**Extra notes:**

**External Evaluator**

١٨_ پێداچونەوەی هاوەڵ

دوای پێداچوونەوەی تێروتەسەل بە
کۆرسی بوکی ( کوردۆلۆجی و مافی مرۆڤ و جینۆساید)
تێبینیمان کرد کە بەپێی ڕێنماییەکان داڕێژراوە
ئەوای سیلەبیسەکان خوێندنی تیایە .
جێگای دەستخۆشییە .

م. جمعە قادر صالح
مامۆستای یاسای گشتی
٠٧٥٠٤٥٤٦٣٩